Kurdistannet کوردستان نێت

## ئا هەنگی 11 ساڵەی پێکهاتنی((( حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق))) لە سویسرا

بەبۆنەی تێپەڕبووبی 11 ساڵەی دامەزرانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق ڕۆژی22/8/ 2004 کۆمیتەی سویسرای حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق لە شاری سانت گاڵن ئاهەنگێکی شکۆداری سازدا کە ژمارەیەکی زۆرلەهاوڕێیان و دۆستانی حزب تیایدائامادەبوون هاوڕێ سەردار چاوشین بەنوێنەرایەتی کۆمیتەی بەڕێوبەری ئاهەنگەکە بەخێرهاتنی ئامەدەبوانی کردو دوای دەقیقەیەک بێ دەنگی بۆ ڕێزلێنان لە گیانی هاوڕێیانی گیان بەختکردووی ڕێگای ئازادی و سۆسیالیزم بەسرودی ئەنتەرناسیونالەوە ئاهەنگەکە چووە ناوبەرنامەکانی خۆیەوە.



هاوڕێ سەردارچاوشین ئەندامی کۆمیتەی سویسرای حزب ولێپرسراوی حەوزەی سانت گاڵن ووتاری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقی بە زمانی کوردی بۆ ئامادەبوان خوێندەوە هاوڕێ سەردار لە ووتەکەیدا تیشکی خستە سەر مێژووی (11) ساڵەی پڕشکۆی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق لە پێناو وەدی هێنانی ئازادی و یەکسانی وجمهوری سۆسیالستی و بۆ خەبات و تێکۆشان ورزگارکردنی کۆمەڵگای عێراق و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی سکولار،هەروەها ئاماژە بە گرنگترین هەڵوێست و سیاسەتەکای حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق لەبوارە جیاجاکانی خەباتی چینایەتیکرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش کرد لە عێراق و کوردستان.

دواتر سرودێکی کرێکاری لەلایەن هاوڕێ (فاضل عثمان) ەوە پێشکەش کرا

وتاری عەرەبی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق لەلایەن هاوڕێ (جوان ڕحیم) ەوە خوێنرایەوە لەوتارەکەدا بە تێروتەسەلی مێژووی خاباتی حزب وئامانج وهەڵوێست



وسیاسەتەکانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق بۆئامادەبوان باسکردو ڕێگاچارەی ڕزگاری بۆ بەرەنگار بونەوەی ئەو سینارۆ ڕەشەی هەر ئێستابەسەر سەری خەڵکی عێراقدا هاتووە و چۆنێیتی گۆڕینی بە سینارۆیەکی سپی، لە بەشێکی تری وتارەکریدا ئاماژەیبە کاریگەریدەوری هاوڕێ(( منصور حکمت))ڕابەرو بیرمەندی کۆمۆنیزمی کرێکاری کرد. بەرنامەیەکی هونەری هەمەڕەنگ بەشێکی تری مەراسیمە کە بوو کە تیایدا ئاهەنگی گۆرانی و هەڵپەڕکێ ومۆسیقا کەش و هەوایەکی قەشەنگی بە خۆوە گرتبوو، لەلایەن تیپی مۆسیقای (ئەژین) لە ساری سانت گاڵن بە سەرپەرشتی هاوڕێ (فاضل عثمان) ومحمد دارا چەندین گۆرانی جۆراو جۆر بە زمانە کانی کوردی و عەرەبی و تورکمانی پێشکەش بە ئامادەبوان کرا.

لەقۆناغی دووەمی ئاهەنگە کەدا هاوڕێ (جمال کۆشش) سکرتێری کۆمیتەی سویسرا وتەیەکی پێشکەش بە ئامادە بوان کرد ،سە رەتا یادی 11 ساڵەی دامەزراندنی حزبی لەهەموو هاوڕێیان و ئامادەبوان پیرۆز کرد، لە بەشێکی تری قسەوباسەکانیدا چەندین یادەوەری لەمێژووی خەبات و هوڵسوڕانی خۆی لەهەڵ چەندین هاوڕێ، ئەوانەی گیانیان کردە پێناوی ئازادی و یەکسانی و سۆسیالیزم و ئەوانەی هەرئێستا درێژە بەخەبات و گیانبازی دەدەن لەڕیزەکانیحزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقدا لەشارەکانی عێراقدا، دواتر هاوڕێ ی شاعیر(جوتیار ڕانیەی) قەصیدەیەکی خۆی پێشکەش بە ئامادەبوان کرد.

لەبەشێکی تری ئەم ئاهەنگەدا بروسکەی پیرۆزبای فیدراسێونی پەنابەرانی عێراق لەلایەن هاوڕێ( د.یونس) ،بروسکەی پیرۆزبای ڕێکخراوی ئازادی ژن لەلایەن هاوڕێ(جوان ڕەحیم)

کرێکارانی گراند هوتێل لەبەدرەگاسلەلایەن غفوور قەڵادزەیی گەیشتەئاهەنگەکەو خوێنرایەوە، لەنێو ئاهەنگە کەدا بەڕێز ئەحمەد جارح وەکوو کەسایەتێکی مارکسی



فەڵستینی لەڕێکخراوی (کابی)ئەنتی ڕاسیستی کەنیگار کێش و دۆستێکی نزیکی حزبە وتەیەکی هاوپشتی پێشکەش کردو پاشان خۆی و هاوسەرەکەی نجوی سیدة گۆرانی فۆلکلۆری فەڵستینی (هدی یابحر هدی طولنا فی غیبتنا) یان لە کەشو هەوایە کی ناسکدا پێشکەش بە ئامادەبوان کرد .

دواتر بەڕێز (بینیامین شیبلی) لێپرسراوی کۆمیتەی سانت گاڵن پارتی کاری سویسری ووتە یە کی پێشکەش کرد دڵخۆشی بەرزی خۆی بەو کەش و هەوا حەماسیەی ئاهەنگەکە و کۆبونەوەی هاوڕێیان و میوانان لەوڕۆژەدا لەدەوری یەکتر بەرز نرخاند.

ئاهەنگەکە بەزنجیرەیەک گۆرانی و هەڵپەڕکێی گەرم ڕازێنرایەوە و میوانەکان و هاوڕێیان پێکی شرابی شادی و خۆشیان بۆ بەرزڕاگرتنی ڕێبازی کۆمۆنیزمی کرێکاری پێکەوە نۆش کرد .

شایەنی باسە هۆڵی ئاهەنگەکە بە پێشنگای وێنەکانی هاوڕێیانی گیان بەختکردوو ،هاوڕێیان و ڕابەران و بیرمەندانی کۆمۆنیزم،هاوڕێیان مارکس ئەنجلس و لینین و منصور حکمت ڕازێنرابۆوەلە پاڵ مێز کتێبێک بۆ ئەدەبیات و بڵاوکراوەکانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری.

کۆمیتەی سویسرای

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق